# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (١٩٧) سالی شازدەیەم ١٠/ ئایار/٢٠١٦ زاینیی ٢٠/ گولان / ٢٧١٦کوردی ٣ / شعبان/ ١٤٣٧ کۆچی


197

## لەم ژمارەیەدا :


بڕیاری سالی ٢٠١٦ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لا ١
ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و چاودێری کۆمەلایەتی

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٢
پێداویستی وانەوتنەوە لە پەیمانگەی دادوەری

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٣
ڕێنمایی دەرمالەی پایە

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٤
ڕێنمایی خەرجی ئۆتۆمبێل

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٥)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٦
ڕێنمایی پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٦)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٧
ڕاگرتنی گواستنەوەی ڕاژەی

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٨
ڕێنمایی مۆلەتی بێ مووچە

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٨)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ٩
ڕێنمایی سوپاس و پێزانین

ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ١٠
ڕێنمایی مووچەی شەهیدان و کەم ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٠)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری لا ١١
ڕێنمایی کۆمەك و شایستەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر

ڕێنمایی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ لا ١٤
ڕێنمایی پارێزگاری کردن لە بەلگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ

ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لا ٢٢
تایبەت بە پلە و جل و بەرگ و هێماکانی کارمەندانی هێزی جێ بەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی

بەیانی ژمارە (٣- ٥ - ٦- ٧-٨)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ لا ٢٨

بەیانی تایبەتی ژمارە (١- پاشکۆی - ٢-٣-٤-٥-٦-٧)ی سالی ٢٠١٦ وەزارەتی داد لا ٣٣

بەیانی ژمارە (٤) سالی ٢٠١٦وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لا ٣٩
تایبەت بە (قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان)

بەیانی ژمارە (١) سالی ٢٠١٦ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لا ٤٠



http//: www.mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٩٧) السنة السادسة عشرة ١٠ / أيار / ٢٠١٦ميلادي ٢٠/گولان / ٢٧١٦كوردي ٣/ شعبان / ١٤٣٧هجري


## في هذا العدد:

# 197

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| قرار لسنة ٢٠١٦ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١ |
| تعليمات رقم ( ١٢ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٢ |
| تعليمات رقم ( ١٣ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٣ |
| تعليمات رقم ( ١٤ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٤ |
| تعليمات رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٦ |
| تعليمات رقم ( ١٦ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٧ |
| تعليمات رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٨ |
| تعليمات رقم ( ١٨ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٩ |
| تعليمات رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١٠ |
| تعليمات رقم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١١ |
| تعليمات رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة الداخلية | ص ١٤ |
| تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٢٢ |
| بيان رقم (٣ – ٥-٦-٧-٨) لسنة ٢٠١٦ وزارة الدخلية | ص ٢٨ |
| بيان رقم (١-ملحق - ٢-٣-٤-٥ – ٦ – ٧) لسنة ٢٠١٦ وزارة العدل | ص ٣٣ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠١٦ وزارة الاعمار والاسكان | ص ٣٩ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٤٠ |



No. 197 Date : May , 10 , 2016 Vol.: 16

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.mojkurdistan.com


مطبعة ناز

# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە (١٩٧) ساڵی شازدەیەم ١٠/ ئایار/٢٠١٦ زایینی ٢٠/ گوڵان / ٢٧١٦کوردی ٣ / شعبان/ ١٤٣٧ کۆچی**


**197**

## لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ساڵی ٢٠١٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١
ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و چاودێری کۆمەڵایەتی

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٢
پێداویستی وانەووتنەوە لە پەیمانگەی دادوەری

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٣
ڕێنمایی دەرماڵەی پایە

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٤
ڕێنمایی خەرجی ئۆتۆمبێل

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٦
ڕێنمایی پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٧
ڕاگرتنی گواستنەوەی ڕاژەی

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٨
ڕێنمایی مۆڵەتی بێ مووچە

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ٩
ڕێنمایی سوپاس و پێزانین

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ١٠
ڕێنمایی مووچەی شەهیدان و کەم ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ١١
ڕێنمایی کۆمەك و شایستەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ** لا ١٤
ڕێنمایی پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** لا ٢٢
تایبەت بە پلە و جل و بەرگ و هێماکانی کارمەندانی هێزی جێ بەجێ کردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی

**بەیانی ژمارە (٣ – ٥ – ٦ – ٧ –٨)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ** لا ٢٨

**بەیانی تایبەتی ژمارە (١- پاشکۆی – ٢-٣-٤-٥-٦-٧)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی داد** لا ٣٣

**بەیانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٦وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن** لا ٣٩
تایبەت بە (قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان)

**بەیانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** لا ٤٠



http//: www.mojkurdistan.com

**ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.**

(٢٢٤٥٩١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٩٧) السنة السادسة عشرة ١٠ / أيار / ٢٠١٦ميلادي ٢٠/گولان / ٢٧١٦كوردي ٣/ شعبان / ١٤٣٧هجري

**197**

## في هذا العدد:

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


| | |
|---|---|
| قرار لسنة ٢٠١٦ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١ |
| تعليمات رقم ( ١٢ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٢ |
| تعليمات رقم ( ١٣ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٣ |
| تعليمات رقم ( ١٤ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٤ |
| تعليمات رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٦ |
| تعليمات رقم ( ١٦ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٧ |
| تعليمات رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٨ |
| تعليمات رقم ( ١٨ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٩ |
| تعليمات رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١٠ |
| تعليمات رقم ( ٢٠ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد | ص ١١ |
| تعليمات رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة الداخلية | ص ١٤ |
| تعليمات رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٢٢ |
| بيان رقم (٣ – ٥-٦-٧-٨) لسنة ٢٠١٦ وزارة الدخلية | ص ٢٨ |
| بيان رقم (١-ملحق - ٢-٣-٤-٥ – ٦ – ٧) لسنة ٢٠١٦ وزارة العدل | ص ٣٣ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠١٦ وزارة الاعمار والاسكان | ص ٣٩ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٦ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٤٠ |


No. 197 Date : May , 10 , 2016 Vol.: 16

مطبعة تازة

http//: www.mojkurdistan.com

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨) :

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٥١٥ لە ٢٠١٦/٤/٥**

## بـڕیـار

دوا بەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (١٠)ی ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٢/٢١، و بەمەبەستی ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوەی مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و چاودێری کۆمەلایەتی ، لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی نادادپەروەری لە سیستەمی دابەشکردنی ئیمتیازاتی ئەم توێژانە و بەجۆرێك تەنها کەسانی شایستە سوود لەم ئیمتیازاتانە وەربگرن و هەروەها پاککردنەوەی لیستی سوودمەندانی ئێستا لە ناوی کەسانی ناشایستە بە ڕەچاوکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ڕێنماییەکانی و ئاماژە بەبڕیاری کۆبوونەوەی لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی لە ڕێکەوتی (٢٨)ی ئازاری ٢٠١٦ بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی سەرجەم تۆمارکراوان لە سوودمەندانی ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و تۆڕی چاودێری کۆمەلایەتی لە ماوەی (٩٠)نەوەد ڕۆژی کار لەلایەن لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ئاماژەپێدراوی سەرەوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی ڕێنمایی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای شایستەبوون و هەبوونی سەرجەم مەرج و پێداویستییەکان .

**دووەم:** تۆمارکردنی ناوی سوودمەندی نوێ لە ئیمتیازاتی ئاماژەپێدراو بەپێی ڕێنماییە نوێیەکان و بەپێشنیاری وەزارەتی تایبەتمەند و لارینەبوونی وەزارەتی دارایی وئابووری و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لە دوای دڵنیابوون لە هەبوونی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە نوێیەکان .

**سێیەم:** ڕاگرتنی کارکردن بەسەرجەم ڕێنماییە داراییەکان وڕێنماییەکانی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەلایەتی تایبەت بە سوودمەندانی ئاماژە پێدراو تاوەکو ڕێنمایی نوێ بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت .

**چوارەم:** وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەلایەتی لە ماوەی (١٥)پازدە ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم بڕیارە ، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات .

**پێنجەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٥٩٧/٤/٩ لە ٢٠١٦/٢/٢٢**

**دوا بە دوای ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ کە تایبەتە بە دابین کردنی پێداویستی یەکانی دەستەی وانەووتنەوە لە پەیمانگای دادوەری لە هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە : -**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦
## پێداویستی وانەووتنەوە

**١- خەرج کردنی بڕی (١٥,٠٠٠) تەنها پانزە هەزار دینار وەك کرێی وانەووتنەوە بۆ هەریەك لە مامۆستایان و وانەبێژانی پەیمانگای دادوەری بۆ هەر وانەیەك کە لە پەیمانگا دەیڵێنەوە .**

**٢- خەرج کردنی بڕی (٣٠٠,٠٠٠) تەنها سێ سەد هەزار دینار وەك کرێی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکانی قوتابیانی پەیمانگەی دادوەری بە بوونی مەرجەکانی سەرپەرشتیار و ڕەچاوکردنی ڕێنمایی سەرپەرشتی نامەی زانستی پەیڕەوکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .**

**٣- خەرج کردنی بڕی (١٢٠,٠٠٠) تەنها سەد و بیست هەزار دینار بۆ یەکجار بۆ هەر ئەندامێکی لێژنەی گفتوگۆ سەر توێژینەوەی قوتابیانی پەیمانگای دادوەری بە مەرجی هەبوونی مەرجەکان و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی پەیڕەوکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەو خەرجییە .**

**٤- پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١٨) لە ٢٠١٤/٢/١١ ڕاگرتنی خەرج کردنی پاداشتێك بۆ هەر کەسێك کە خزمەتێکی زانستی پێشکەش بە پەیمانگای ناوبراو دەکات .**

**٥- خەرج کردنی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بە بڕی (٢٠٠,٠٠٠) تەنها دوو سەد هەزار دینارە بۆ هەر قوتابییەکی پەیمانگا کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە هاتبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا پاڵپشت بەم بەڵگەنامانەی خوارەوە و کار بە بەرواری ئاماژە پێکراو لە نووسراومان ژمارە (١٧٥) لە ٢٠١٦/١/١٤ نەکرێت:-**

**أ- پێناسەی باری شارستانی .**

**ب- کارتی زانیاری .**

**ج- پسوولەی خۆراك .**

**٦- ئەو پارێزەرەی لە پەیمانگای ناوبراو وەردەگیرێت دەرماڵەیەکی تایبەتی مانگانە وەردەگرێت بە قەدەر ئەو مووچە و دەرماڵە جێگیرانەی کە هاوەڵەکانی لە وەزیفەدا وەریدەگرن ، بەپێی ساڵەکانی خزمەت و بڕوانامە بە یەك لیست لەگەڵ دەرماڵەی نیشتەجێ بوونی قوتابیانی دەرەوەی هەولێر (پارێزەر + فەرمانبەر) .**

**٧- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی قوتابی لە پەیمانگا خەرج دەکرێت .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٨١٧/٤/٩ لە ٢٠١٦/٢/٢٥**

بەپێی مادده (٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ بۆ مەبەستی ڕێکخستنی چۆنیەتی خەرج کردنی دەرماڵەی پایە بۆ بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆیەکانی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەرجەم وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٦
## ڕێنمایی دەرماڵەی پایە

١- هەڵوەشاندنەوەی هەردوو گشتاندنمان ژمارە (١٠ و ١٥)ی ساڵی ٢٠١٥ و کارنەکردن پێی .

٢- بۆ خەرج کردنی دەرماڵەی پایە کار بە گشتاندنەکانمان ژمارە (٦ و١١)ی ساڵی٢٠١٢ و(١)ی ساڵی ٢٠١٣ و نووسراوەکانمان ژمارە ( ٢٥٦٣١ ) لە ٢٠٠٨/١١/١٨ و(١٠١٥٩) لە ٢٠١٠/٦/٢٧ دەکرێت بەڕەچاوکردنی سەرجەم خاڵ و مەرجەکانی .

٣- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٦/٣/١ ەوە جێ بەجێ دەکرێت .

**ڕابــەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٢١١٠/٤/٩ لە ٢٠١٦/٣/٣**

**بەپێی مادده (٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨١) لە ٢٠١٦/٢/٣ کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (٨٣٥) لە ٢٠١٦/٢/١٦ گشتاندنی پێ کراوە و تایبەتە بە خەرجی ئۆتۆمبێل ئەم ڕێنمایان دەرکرد:-**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی خەرجی ئۆتۆمبێل

**یەکەم:**

**ئۆتۆمبێلی میری دابین کراو بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری کەسی (شخصي) :-**

**١- سەرجەم فەرمانبەر و کارمەندانی پلە گشتیەکانی وەزیفە ( فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی و کارمەندانی سەربازی ) لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە ئۆتۆمبێلی گشتی حکومی و هۆکارەکانی گواستنەوەیان بۆ تەرخانکراوە و لە لایان دەمێنێتەوە ، سەرجەم خەرجییەکانی ئەم ئۆتۆمبیلانە لە ئەستۆی خۆیان دەبێت .**

**٢- خاڵی (١)ی سەرەوە سەرجەم ئەو ئۆتۆمبیلانە دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری کەسی (شخصي) بەکاردێن جا چ ژمارەیان (حکومی بێت یان شارستانی) و بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری گشتی نین بۆ گشت دامەزراوەکە وەك یەك .**

**٣- بە پێچەوانەی خاڵی (١)ی سەرەوە دەتوانن ئۆتۆمبێلەکانیان بگەڕێننەوە و رادەستی لایەنی پەیوەندیداری بکەنەوە تا ماوەی (١٥) ڕۆژ پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە و لە حاڵەتی هەبوونی هۆکارەکانی تری گواستنەوەی خزمەتگوزاری گشتی حکومی وەك هاوڵەکانی تریان بەکاربهێنن بۆ گەیشتن شوێنی کار و ڕاپەراندنی ئەرك و چالاكییە وەزیفییەکانیان.**

**٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری کەسی دابین کراون و دەگەڕێنرێتەوە بۆ فەرمانگەکە ، نابێت بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری بەکاربهێنرێت .**

**٥- ئەو فەرمانبەرانەی کە ئۆتۆمبێلەکانیان لادەمێنێتەوە بەرپرسیارە لە سەرجەم خەرجییەکان و سزاکان و توندوتوڵی ئۆتۆمبێلەکە و پاش ماوەی هاتوو لە خاڵی (٣)ی سەرەوە چۆن ئۆتۆمبێلەکەی خراوەتە ئەستۆی دەبێت بە هەمان شێوە بێت لە کاتی گەڕاندنەوە بۆ فەرمانگەکە .**

**دووەم:**

**ئۆتۆمبێلی دابین کراو بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری گشتی .**

١- سەرجەم فەرمانبەر و کارمەندانی پلە گشتییەکانی وەزیفە ( فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی و کارمەندانی سەربازی ) لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە ئوتۆمبێلی گشتی حکومەتیان لایە بە مەبەستی ڕاپەراندنی کاروباری فەرمانگەکان و خزمەتگوزاری گشتی ، ئەوا ئەم ئۆتۆمبێلە دەخرێتە ئەستۆ فەرمانبەری شوفێر .

٢- ئەو فەرمانبەرەی کە ئۆتۆمبێلەکە دەخرێتە ئەستۆی پێویستە ناونیشانە شوفێرییەکانی هەبێت .

٣- مەبەست لە ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری گشتی ئۆتۆمبێلەکانی وەکو (اسعاف / پیکب / پاس / مینی پاس / ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا (نجدە) / ئۆتۆمبێلی پاککردنەوەی شار و شارۆچکەکان ) و هاوشێوەکانی دەگرێتەوە کە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان (حکومی) بێت .

٤- گۆرینی رۆنی ئەم ئۆتۆمبێلانە بە شێوەیەکی گشتی لە (٢٠٠٠) دوو هەزار کیلۆمەتر و بەسەرەوە دەبێت واتە پاش دوایین رۆن گۆرینی .

٥- دابینکردنی سووتەمەنی وخزمەتگوزارییەکانی ئەم ئۆتۆمبێلانە لەسەر بنەمای کیلۆمەتری بەکارهاتوو دەبێت بەم شێوازەی خوارەوە .

أ- بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە (٤ پیستۆنن) بۆ هەر (٩) کیلۆمەترێك (١) لیتر سوتەمەنی دابین دەکرێت .

ب- بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە (٦ پیستۆنن) بۆ هەر (٧) کیلومەترێك (١) لیتر سوتەمەنی دابین دەکرێت .

ج- بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە (٨ پیستۆنن) بۆ هەر (٦) کیلومەترێك (١) لیتر سوتەمەنی دابین دەکرێت .

٦- بۆ خەرجییەکانی هاتوو لە خاڵی (٤ و ٥) ی سەرەوە و هەر خەرجییەکی تری پێویستی ئۆتۆمبێل ، پێویستە لێژنەیەك لە فەرمانگە و دام ودەزگاکان پێکبهێنرێت بەمەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی و بەلیستێك ووردەکارییەکانی سوتەمەنی وخەرجییەکان تۆماربکرێت لە کۆگا یان ژمێریاری .

**سێیەم:** ئەم رێنماییە فەرمانبەرانی پلە تایبەت ناگرێتەوە.

**چوارەم:** ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**ڕابـەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٢٤٥٥/٤/٩ لە ٢٠١٦/٣/١٠**

**بەپێی مادده (٢) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٤) لە ٢٠١٦/٢/٣ کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (٨٢٤) لە ٢٠١٦/٢/١٦ گشتاندنی بۆ کراوە ئەم ڕێنمایان دەرکرد:-**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٦

## مووچە

**١- پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتکردنی ڕێژەیەك لە شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە ڕێژەکانی پاشەکەوت لە سەر بنەمای کۆی گشتی شایستەی دارایی مووچە خۆران لە هەرێمی کوردستان بە مووچە و دەرماڵەوە .**

**٢- ئەو ڕێژەیەی شایستەی دارایی مووچەخۆر ، کە پاشەکەوت دەکرێت بە ناوی ( امانات رواتب مستحقة ) تۆمار دەکرێت لە ژمێرەی تایبەتمەند بەپێی ڕێکارەکانی ژمێرکاریی پەیڕەوکراوە ، و پێویستە لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری لە کاتی بەردەستبوونی داهاتی پێویست سەرجەم ئەو شایستە داراییانەی کە پاشەکەوت کراون خەرج بکاتەوە بۆ مووچە خۆران بەبێ کەموکوڕی .**

**٣- سەرجەم شایستە داراییە خەرج نەکراوەکانی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی /٢٠١٥ بەپێی بڕگەی (٢) ی سەرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێن .**

**٤- دواخستنی گشت لێبڕینەکانی تایبەت بە پێشینە و قەرزە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لای مووچە خۆران وەك ( پێشینەی خانووبەرە ، پێشینەی هاوسەرگیری ، پێشینەی سندوقی نیشتەجێ بوون ) جگە لە لێبڕینی (خانەنشینی و باج و خەرجی بژێوی ( النفقة الشرعية ) بە مەرجێك ڕەچاوی ڕێژەی پاشەکەوت بکرێت لە لێبڕینی (النفقة الشرعية) ، ئەم دواخستنەش بەردەوام دەبێت تاوەکو کارکردنەوە بە سیستمی ئاسایی خەرجکردنی تەواوی شایستەی دارایی مووچە خۆران بە بێ پاشەکەوت .**

**٥- خشتەی پاشەکەوتکردنی ڕێژەیەك لە شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مانگانە چاوخشاندنەوەی لە سەر دەکرێت بە ڕەچاوکردنی داهاتی مانگانەی وەزارەتمان بە جۆرێك کە کەمترین ڕێژەی پاشەکەوت جێبەجێ بکرێت لە سەر ئەو مووچە خۆرانەی کە بڕی مووچەکانیان کەمە .**

**٦- هیچ جیاوازیەکی مانگەکانی ڕابردوو لەگەڵ ئەم میکانیزمی مووچەیە خەرج ناکرێت .**

**٧- بە خشتەیەکی مانگانە ڕێژەی چۆنیەتی دابەش کردنی مووچەی مانگانەتان ئاڕاستە دەکەین و ئەم میکانیزمە کاتیە و لە گۆرانکارییەکانی ئاگادارتان دەکەینەوە .**

**ڕابەر صديق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٢٤٥٦/٤/٩ لە ٢٠١٦/٣/١٠**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە و پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٩١٠) لە ٢٠١٦/٢/٢٢ و بە مەبەستی ڕێکخستن و پێداچوونەوە بە میلاکات و پەیکەری کارگێری وەزارەت و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان ، پێتان ڕادەگەیەنین کەوا بڕیاردرا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٦
## ڕاگرتنی گواستنەوەی ڕاژەی

**١- ڕاگرتنی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران و کارمەندان لە نێوان وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی هەرێم بە هەموو شێوەیەك تا دەرچوونی بڕیار و ڕێنمایی نوێ ی لە لایەن بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە .**

**٢- ڕاگرتنی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەران و کارمەندان لە نێوان ئەو فەرمانگانەی کە یەکەی ژمێریاریان جیاوازە .**

**٣- ڕاگرتنی تەنسیب و گواستنەوەی فەرمانبەران لە دەرەوەی هەرێم بۆ میلاکی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم .**

**٤- ڕاگرتنی گواستنەوەی فەرمانبەران لە ڕاژەی سەربازی بۆ ڕاژەی شارستانی و بەپێچەوانەوە .**

**٥- وەزارەتمان هیچ فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە خاڵەکانی سەرەوە جێ بە جێ ناکات .**

**٦- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٦/٢/٢٢ ەوە جێبەجێ دەکرێت .**

**ڕابـەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٢٩٦٢/٤/٩ لە ٢٠١٦/٤/٣**

**بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وپاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (١٣٠٠) لە ٢٠١٦/٣/١٧ و ئاماژە بە هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (٤و١٤)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاردرا:-**

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٦**
**مۆڵەتی بێ مووچە**

**ئەو فەرمانبەرانەی لە کاتی دامەزراندنیاندا بەڵێننامەیان داوە داوای مۆڵەتی بێ مووچە نەکەن تا تەواو بوونی ماوەی بەڵێننامەکانیان ، ئێستا دەکرێت مۆڵەتی بێ مووچەیان پێ بدرێت بە ڕەچاوکردنی ماوەی ئەزموونی فەرمانبەرێتی هاتوو لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو .**

**ڕابـەر صديق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٣٣١٨/٤/٩ لە ٢٠١٦/٤/١٣**

**پاڵپشت بە بڕگەی (١) لە ماددەی (٢١) ی یاسایی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت (قانون انضباط موظفي الدولة) کە تایبەتە بە سوپاس و پێزانین ئەم روونکردنەوەتان ئاراستە دەکەین:-**

## ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦
## سوپاس و پێزانین

١- هەر سوپاس و پێزانینێك کە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان یان ئەوانەی کە دەسەلاتیان پێدراوە ئاراستەی فەرمانبەران دەکرێت پێشخستنی پێ وەردەگرێت بۆ ماوەی (١) مانگ .

٢- ئاراستە کردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران بە هۆی بە ئەنجام گەیاندنی کاروباری رۆژانەیە بە شێوەیەکی نایاب و سوود گەیاندنە بە بەرژەوەندی گشتی .

٣- ساڵانە نابێت فەرمانبەر لە (٣) سوپاس و پێزانین زیاتری ئاراستە بکرێت واتە لە نێوان ساڵانی سەر مووچەی فەرمانبەران و لەمە زیاتر پشت گوێ دەخرێت .

٤- ئەگەر فەرمانبەر سزادرابێت ئەوا (١) سوپاس و پێزانین سزای سەرنج راکێشان(لفت النظر) هەڵدەوەشێنیتەوە و ئەگەر (٢) سوپاس و پێزانینی هەبێت سزای ئاگادارکردنەوە (الانذار) هەڵدەوەشێنیتەوە

٥- ئەگەر (٣) سوپاس و پێزانین و زیاتری هەبێت و سزاکەی لە ئاگادارکردنەوە توندتر بێت ئەوا بۆ هەر سوپاس و پێزانینێك (١) مانگ دواخستنی پلە بەرز کردنەوەی کەمتر دەبێتەوە بە مەرجێك نابێت لە (٣) سوپاس و پێزانین زیاتر بێت ساڵانە .

٦- ئەگەر وەزیرێك (وزیر غیر مختص) سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەری دەرەوەی میلاکی وەزارەتی خۆی بکات ، بۆ پێشخستن سوود لێ ی وەرناگیرێت تاکو وەزیر پەیوەندیدار (وزیر المختص) پەسەندی دەکات .

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٣٥٤٢/٢/٩ لە ٢٠١٦/٤/١٨**

**بەپێی مادده (٢) لەیاسای وەزارەتی دارایی وئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە(٩٣٩) لە ٢٠١٦/٢/٢٣ و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٣) ی ساڵی٢٠١٥ و بە مەبەستی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کەس و کاری شەهیدانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە لە بەرەکانی جەنگ و لە کاتی ئەرکی فەرمیدا کەم ئەندام دەبن بڕیاردرا بەدەرکردنی :-**

## ڕێنمایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٦
## مووچەی شەهیدان و کەمئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**بەردەوام بوونی مووچەی شەهیدان و کەمئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە لە بەرەکانی جەنگ و لە کاتی ئەرکی فەرمی لە کردەوە تیرۆریستیەکان شەهید و کەم ئەندام دەبن ، لە سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایشی هەرێم ، تا ئەو کاتەی کێشەی کەمی مووچەیان کە دوای خانەنشین کردنیان دێتە پێش بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر دەکرێت .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٣٨٠٣/٤/٩ لە ٢٠١٦/٤/٢٦**

**پاڵپشت بە ماددەی هەشتەم لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٧) لە ٢٠١٥/١٢/٢١ و بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥١٥ ) لە ٥/٤/ ٢٠١٦ و بە مەبەستی ڕەچاوکردنی دادپەروەری و بەرگرتن لە بە فیڕۆدانی سامانی گشتی و زیاتر خزمەتکردن بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بڕیاردرا بە دەرکردنی :-**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢٠ )ی ساڵی ٢٠١٦
## کۆمەك و شایستەکانی کەمئەندامان و خاوەنی پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر

**یەکەم:** ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە ، پێویستە ناسنامە و دانیشتووی هەرێمی کوردستان بن بەپێی فۆرمی خۆراك و کارتی زانیاری ، جگە لەوانەی دەکەونە سنووری مادەی (١٤٠)ی دەستووری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ ئەویش بە سەلماندن.

**دووەم:** ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات ئاماژە بە نووسراوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٩) لە ٢٠١١/١٠/١٩ ، (٥٤٥ ) لە ٢٠١٢/٢/٢٢ ، (١٥٨٣ )لە ٢٠١٢/٧/١ ، ١٨٠٣ لە ٢٠١٢/٧/٢٢ ) و نووسراوی وەزارەتی دارایی وئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجەی ژمارە (٨٥٣٤) لە ٢٠١٢/١٢/١٧ ، سەرجەم مەرجەکانی ڕێنماییەکانی چاودێری خێزانیان لە سەر جێبەجێ دەکرێت جگە لە ناسنامەکانیان .

**سێیەم:** شایستە داراییەکانی سوودمەندانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و بەخێوکەر خەرج دەکرێت بەپێی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەو لیژنانەی لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستی سوودمەندانی پێکدەهێنرێت .

**چوارەم:** ئەوانەی سوودمەند دەبن لەم ڕێنماییە ، ئەگەر دەرکەوت مووچەیان لە بەڕێوەبەرایەتییە هاوشێوەکان لە حکومەتی فیدراڵ هەیە پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا ئاگاداری لایەنی پەیوەندار بکاتەوە لە هەبوونی مووچەی هاوشێوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ، بە پێچەوانەوە مووچەکانیان لە حکومەتی هەرێم دەبڕدرێت و ئەوەیشی بە زیادە پێیان دراوە لێیان وەردەگیرێتەوە .

**پێنجەم:** ئەوانەی فەرمانبەرن و سوودمەندن لە کۆمەکی کەم ئەندامی ، لە کاتی خانەنشین بوون تەنها مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێت ، جگە لەوانە بە تەمەنی یاسایی خۆیان خانەنشین دەبن .

**شەشەم:** ئەو سوومەندانەی بریکارنامەیان داوە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان ، پێویستە (٣) مانگ جارێك ئامادەبیان هەبێت بۆ وەرگرتنی شایستەکانیان ، جگە لەوانەی ئاستی پەککەوتەییان رێژەی (١٠٠٪)ە و بە پێچەوانەوە بریکارنامەکانیان تەنها بۆ ماوەی (٣) مانگ کاری پێدەکرێت .

**حەفتەم:** منداڵانی توشبوو بە نەخۆشی شەکرە مانگانە بڕی (١٥٠) هەزار دیناریان پێدەدرێت ئەگەرهاتوو نەخۆشییەکەی لە جۆری دووەم بێت و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێندراو پێویستی بە ئەنسۆلین هەبێت

**هەشتەم:** مەرج و شایستەکانی بەخێوکەر :ـ

١- ئەو کەسانەی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ چاودێریکردنی کەمئەندام یان پەککەوتە دەبێت ئەم مەرجانەیان تێدابێت :-

أ- توانای کارکردن و چاودێریکردنی تەواوی هەبێت .

ب- لە رووی دەروونی و جەستەییەوە کارا بێت .

ج- تەمەنی لە نێوان (١٨ بۆ ٦٣) ساڵ بێت .

د- پێویستە لە هەمان شوێنی جوگرافی کەم ئەندام یان پەککەوتەکە بن بەپێی فۆرمی خۆراك و کارتی زانیاری

٢- ئەوانەی خۆتەرخانکەرن و فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن ، شایستەکانیان بەم جۆرە دەبێت:-

أ- مۆڵەتی بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکانی پێ دەدرێت و مافی سەر مووچە و پلە بەرزکردنەوەی هەیە بۆ چاودێریکردنی یەك کەم ئەندام .

ب- ئەگەر بەخێوکەری دوو کەم ئەندام بێت بە مەرجێك کەم ئەندامەکان لە یەك خێزان بـن ، سەرباری ئەوەی لـە خـاڵی (أ) ی سەرەوەدا هـاتووە ، مووچەیەکیشی بـۆ خـەرج دەکرێت کە یەکسان بێت لەگەڵ کەمترین ڕادەی مووچەی فەرمانبەری هەرێم کە بڕی (١٤٠) سەد و چل هەزار دینارە.

ج- ئەگەر هەردوو کەمئەندامەکە کۆمەکی داراییان هەبوو ، تەنها ئەو مافانەی پێ دەدرێت کە لە خاڵی (أ)ی سەرەوە هاتووە .

د- لە کاتی پێدانی ئەم مۆڵەتە بە فەرمانبەران لە سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت پێویستە بە رەزامەندی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بێت و ساڵانە نوێ بکرێتەوە.

٣- نابێت هیچ کەسێك لە یەك کاتدا خۆی بۆ چاودێریکردنی زیاتر لە دوو کەمئەندام تەرخان بکات .

٤- پێویستە بەخێوکەر لە بڕگەکانی سەرەوە بەڵێنامەی دادی پێشکەش بکات کە مەرجەکانی بەخێوکەری تێدایە و هیچ کارێك ئەنجام نادات ، لە پێناو خۆتەرخانکردنی بۆ چاودێریکردنی کەمئەندامەکە.

٥- رێژەی پەککەوتن بۆ مەبەستی چاودێرکردن دەبێت (١٠٠٪) بێت بەم مەرجانە :ـ

أ- کەمئەندامی جەستەیی پێویستە رێژەی پەککەوتنی (١٠٠٪) بێت و لە لایەن لێژنەی پزیشکیەوە دیاری بکرێت و دەبێت لێژنە پزیشکیەکە بڕیاربدات کە پێویستی بە بەخێوکەر هەیە یان نا ، هەروەها لە ڕاپۆرتی پزیشکی ئاماژەی پێبدرێت .

ب- کەم ئەندامی نابینا پێویستە چاوی راستی و چەپی رێژەی پەککەوتەیی هەر یەکێکیان (١٠٠٪) بێت .
٦- بۆ نەخۆشییەکانی (ئۆتیزم و مەنگۆل و بیرکۆڵ) دەبێت رێژەی پەککەوتنەکە (٨٠٪) و زیاتر بێت و لە لایەن لیژنەی پزیشکیەوە دیاری کرابێت ، دەبێت لە راپۆرتی ئەو لیژنەیە بنوسرێت کە پێویستی بە بەخێوکەر هەیە و ساڵانە نویێ بکرێتەوە .
٧- لە کاتی هەڵنەسانی بەخێوکەرێك بە کار و ئەرکەکانی خۆی یان نەبوونی مەرجەکانی بەخێوکەری ، مووچەکەی دەبڕدرێت و ئەگەر مووچە خۆری حکومەت بێت مۆڵەتەکەی هەڵدەوشێنرێتەوە و مووچەکانی ماوەی مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە ئـەو ماوەیەی بـە مۆڵەتی بێ مووچە بۆ هەژمار دەکرێت و سزا دەدرێت بە بڕێك کە لە (٠٠٠ ٥,٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کـەمتر نـەبێت و لـە بـڕی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت .
٨- کەسی خۆتەرخانکەر ئەوانەی فەرمانبەرن و مۆڵەتیان بۆ چاودێریکردنی کەمئەندام وەرگرتووە ، لە کاتی کۆچی دوایی کردنی ئەو کەمئەندامەی چاودێری دەکات ، پێویستە لە ماوەی یەك هەفتە بگەڕێتەوە سەر کارەکەیی و مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە .

**نۆیەم:** کار بە هیچ بڕیار و رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت .

**دەیەم:** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت .

**رابـەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦٣٦٩ لە ٢٠١٦/٤/١٢**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٩) ماددەی سێ یەم برگەی یەکەم و لەسەر بنەمای مادە (١٤) برگە/ سێیەم و ماددە/١٩ لە یاسای پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکان ژمارە (٧٠) ساڵی ١٩٨٣ و لەبەر گرنگی بەڵگەنامەکان کە دەربڕی بەهاو کەلتوورو مافەکانی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستانییە و پێویستی پارێزگاری کردن و سوود وەرگرتن لێیان و رێکخستنی لەناوبردنیان بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم رێنماییانە:-**

**رێنمایی ژمارە ( ٦ ) ساڵی ٢٠١٦**

## رێنمایی پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ

**ماددەی ( ١ ):- پێناسەکان**

**١- یاسا: یاسای پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکان ژمارە (٧٠)ی ساڵی ١٩٨٣**

**٢- وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٣- وەزیر : وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٣- فەرمانگە: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و پێکهاتە کارگێرییەکانی خاوەن یەکەی ژمێریاری**

**٤- بەڵگە نامە: نوسراو و بەڵگەنامە ودیکۆمێنتە فەرمیەکان و تۆمارەکان، نەخشە ، خشتە ، وێنە ، مۆر ، دیسك هەر هۆکارێکی تری هەڵگرتنی زانیاری.**

**٥- لەناوبردن: لەناو بردنی ئەو بەڵگەنامانەی لە برگە (٤) ئاماژەی پێ کراوە بە هەر هۆکارێکی لەناوبردن وەك سوتاندن، پارچە پارچە کردن بە شێوەیەك سودی لێ وەرنەگیرێت وەك دیکۆمێنت .**

**٦- لیژنە: لیژنەکانی تایبەت بە پارێزگاری کردن و لەناوبردنی بەڵگەنامەکان.**

**ماددەی ( ٢ ):-**

**جۆری بەڵگەنامەکان**

**یەکەم: بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەم جۆرانە پۆلێن دەکرێن**

**أ- بەڵگەنامەی کارگێری**

**ب- بەڵگەنامەی دارایی**

**ج-بەڵگەنامەی هونەری**

**د- بەڵگەنامەی کاروباری رەگەزنامەو باری شارستانی**

**ه- بەڵگەنامەی کاروباری هاتووچۆ**

**و- بەڵگەنامەی کۆلیژ و پەیمانگەو خولەکان**

**ح- بەڵگەنامەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان**

**دووەم: ئەو بەڵگەنامانەی لە سەرەوە لە پاشکۆی ژمارە (٣)ی ئەم رێنماییانە بە ووردی دیاری کراون .**

**ماددەی ( ٣ ):- پێك هێنانی لیژنە**

١- لیژنەیەکی باڵای بەردەوام لە دیوانی وەزارەت پێك دێت بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و ئەندامیەتی بەڕێوەبەری کارگێری و بەڕێوەبەری پلاندانان و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ بەمەبەستی پۆلێن کردن و بڕیاردان لەسەر لەناوبردنی ئەو بەڵگەنامانەی ماوەی یاسایی بەسەر چووە پاش پەسەندکردنی لەلایەن وەزیر.

٢- پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی لە گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانگەکانی وەزارەت و ئەو پێکهاتە کارگێڕییانەی کە خاوەنی یەکەی ژمێریارین بە سەرۆکایەتی بەرپرسی یەکەمی ئەو فەرمانگانە یان ئەوەی رایدەسپێرێت و بە ئەندامیەتی بەرپرسی کارگێری و (٢) فەرمانبەر کەیەکێکیان دەبێت یاسایی بێت بەمەبەستی پۆلێنکردن و بڕیاردان لەسەر لەناوبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو فەرمانگەیە .

**لێپرسراویەتی لیژنەکان**

**ماددەی ( ٤ ):- یەکەم: لیژنەی باڵا**

١- پێدانی رێنمایی پێویست بۆ لیژنە لاوەکییەکان دەربارەی پۆلین کردن و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان.

٢- بەدواداچوونی کارەکانی لیژنە لاوەکییەکان لەکاتی کۆبوونەوەکان کە هەر ٦ مانگ جارێك دەبەسترێت.

٣- دیراسەکردنی راسپاردەکان کە دەخرێنە بەردەم لیژنەی باڵا لەلایەن لیژنە لاوەکییەکان.

٤- سەیرکردنی ئەو بابەتانەی کە لیژنەلاوەکییان نەیانتوانیوە بریاری لەسەر بدەن بۆ بریار لەسەردانی.

٥- زیادکردنی هەر بەڵگەنامەیەك کە بەباشی دەزانێت بۆ پاشکۆی جۆری بەڵگەنامەکان.

٦- بەرزکردنەوەی راپۆرتی ساڵانە بۆ وەزیر کە گشت چالاکییەکان تێدا روون دەکرێتەوە.

**دووەم : لیژنە لاوەکییەکان:**

١- ئامادەکردنی لیستی بەڵگەنامەکانی ماوەی لەناوبردنی تێپەربووە بەمەبەستی لەناوبردنی هەر شەش مانگ جارێك.

٢- پێشکەش کردنی پێشنیارەکان بۆ لیژنەی باڵا.

٣- پاراستنی دیکۆمێنتەکان لە شوێنێکی گونجاو.

**ماددەی ( ٥ ):-**

١- لە دیوانی وەزارەت و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە کە خاوەن یەکەی ژمێریاری سەربەخۆن هۆبەیەك یان بەشێك دەهێندرێتە کایەوە بەناوی (ئەرشیف) دەبەسترێتەوە بە (دەرکردەو وەرگرتە).

٢- لەو فەرمانگانەی لە برگەی (١) ئاماژەیان پێ دراوە دەبێت شوێنێکی رێك وپێك و شایستە دابین بکرێت بۆ پارێزگاری کردن لە بەڵگەنامەکان و پۆلێن دەکرێت بە گوێرەی ساڵ و جۆری بەڵگەنامە لە یەك جیا دەکرێتەوە .

٣- گشت بەراییەکان دەخرێتە سیستەمی کۆمپیوتەر بەپێی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی کەلەلایەن وەزارەت ئامادەکراوە.

٤- دەبێت (٣) فەرمانبەری ئەرشیف واژوو بکەن لەسەر گشت بەڵگەنامەکان پێش خستنە ناو سیستەمی ئەلیکترۆنی و مۆری (طبق الاصل) لە گشت بەڵگەنامەکان بدرێت .

٥- دەبێت پێش لەناو بردنی بەڵگە نامەکان وێنەیەك لەگشت ئەو بەڵگەنامانە بخرێتە سیستەمی ئەلیکترۆنی ئەرشیف.

٦- لیژنەی ئەرشیف لیستێك ئامادە دەكات بەو بەڵگە نامانەی ئامادەن بۆ لەناوبردن و هەڵگرتنی بەڵگەنامەكان بەپێی فۆرمی ژمارە (١ و ٢) و هەردوو پاشكۆی (١ و ٢)ی ئەم ڕێنماییە و بەرز دەكرێتەوە بۆ لیژنەی پێكهێنراو لەو فەرمانگەیە بەمەبەستی لەناوبردن و هەڵگرتنی.

٧- لیژنەی ئەرشیف هەڵدەستن بە كاری لەناوبردن پاش پەسەندكردنیان لەلایەن لیژنەی فەرمانگە.

٨- لەناوبردنەكە دەبێت بەجۆرێك بێت كەوا نەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و هەروەها هیچ شوێنەوارێكی نووسینی تێدا نەمێنێت و نەخوێندرێتەوە.

**ماددەی ( ٦ ):-** وێنەی ئەو بەڵگەنامەی كە فەرمانگەی تایبەتمەند وێنەی دەگرێت بەهەر شێوەیەك بێت، بە بەڵگەنامەی ڕەسەن دادەندرێت پاش بە دیكۆمێنتكردنی.

**ماددەی ( ٧ ):-** كار بە هیچ ڕێنمایی و نوسراوێك ناكرێت پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

**مادەی ( ٨ ):** ئەم ڕێنماییانە كاری پێ دەكرێت دوای بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**كـريم سنجاری**
**وەزیــری نـاوخۆ**

**پاشكۆی ژمارە ( ١ )**
**فۆرمی ژمارە ( ١ )    بەڵگەنامەكان ئامادەكراو بۆ لەناوبردن**

وەزارەت:    ژمارە:
فەرمانگە:    ڕێكەوت:

| ز | ژمارەی بەڵگەنامە | بابەتی بەڵگەنامە | ڕێكەوتی دەرچوونی | ڕێكەوتی لەناوبردنی | ماوەی یاسایی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |

ڕێكەری فۆرم:    ئەندام    ئەندام    سەرۆكی لیژنەی لاوەكی

---

**پاشكۆی ژمارە ( ٢ )**
**فۆرمی ژمارە ( ٢ ) بەڵگەنامەكان ئامادەكراو بۆ هەڵگرتن**

وەزارەت:    ژمارە:
فەرمانگە:    ڕێكەوت:

| ز | ژمارەی بەڵگەنامە | بابەتی بەڵگەنامە | ڕێكەوتی دەرچوونی | ڕێكەوتی لەناوبردنی | ماوەی یاسایی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |
| | | | | | | |

ڕێكەری فۆرم:    ئەندام    ئەندام    سەرۆكی لیژنەی لاوەكی

## پاشكۆی ژماره ( ٣ )

| تتلف بعد | تتلف او لا تتلف | نوع الوثيقة | ت |
|---|---|---|---|
| | | **وثائق الشؤون الإدارية والقانونية** | |
| لا تتلف | لا تتلف | القوانين، القرارات، المراسيم، البيانات والأنظمة والتعليمات | ١ |
| لا تتلف | لا تتلف | جريدة الوقائع | ٢ |
| لا تتلف | لا تتلف | الأوسمة والحرمان من الإمتيازات والتكريم | ٣ |
| لا تتلف | لا تتلف | كتب ديوان رئاسة الاقليم | ٤ |
| لا تتلف | لا تتلف | كتب ديوان رئاسة الجمهورية | ٥ |
| لا تتلف | لا تتلف | المعاهدات، الإتفاقيات | ٦ |
| لا تتلف | لا تتلف | العقود | ٧ |
| لا تتلف | لا تتلف | المؤتمرات | ٨ |
| لا تتلف | لا تتلف | الملفات الشخصية وسجلات الخدمة | ٩ |
| لا تتلف | لا تتلف | المنح والزمالات والبعثات والاجازات الدراسية | ١٠ |
| لا تتلف | لا تتلف | قرارات اللجان ذات الاهمية وملحقاتها | ١١ |
| ٨ سنوات | تتلف | المخاطبات العامة للمنتسبين | ١٢ |
| ٨ سنوات | تتلف | محاضر الجولات التفتيشية | ١٣ |
| ٨ سنوات | تتلف | الزيارات والايفادات | ١٤ |
| ٨ سنوات | تتلف | الدعوات والوفود | ١٥ |
| ٧ سنوات | تتلف | تقارير رؤساء الوحدات الادارية | ١٦ |
| ٧ سنوات | تتلف | تقارير المحافظات والبلديات | ١٧ |
| ١٠ سنوات | تتلف | الطلبات، العرائض، الشكاوى التي استنفذت الاجراءات | ١٨ |
| ١٥ سنة | تتلف | المناقصات والمزايدات | ١٩ |
| لا تتلف | لا تتلف | وثائق المنظمات الدولية | ٢٠ |
| سنتين | تتلف- لا تصور | سجلات الدوام الرسمي والخفارات | ٢١ |
| ٢٠ سنة | تتلف- لا تصور | سجلات الصارة والواردة | ٢٢ |
| ١٥ سنة | تتلف | محاضر وتقارير اللجان | ٢٣ |
| ٧ سنوات | تتلف | محاضر التسليم والتسلم | ٢٤ |
| ١٠ سنين | تتلف | سجلات الذمة | ٢٥ |
| سنة واحدة | تتلف- لا تصور | الصحف والمجلات والمطبوعات | ٢٦ |
| ٥ سنوات | تتلف | كتب السلطات والصلاحيات القانونية | ٢٧ |
| ٥ سنوات | تتلف | وثائق المتعلقة بالانتخابات | ٢٨ |
| لا تتلف | لا تتلف | سجلات الناخبين | ٢٩ |
| ١٥ سنة | تتلف | الوثائق الخاصة بالاختلاس والتزوير | ٣٠ |
| ١٥ سنة | تتلف | وثائق ابداء الرأي والمشورة في الامور القانونية والوثائق | ٣١ |
| ٤ سنوات | تتلف | مشاريع القوانين | ٣٢ |
| لا تتلف | لا تتلف | الوثائق الخاصة بالدعاوى والتحقيق والاحالة الخاصة بالموظفين | ٣٣ |
| لا تتلف | لا تتلف | وثائق التعويض | ٣٤ |
| لا تتلف | لا تتلف | سجلات الاملاك | ٣٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | وثائق بيع وايجار اموال الدولة | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٧ | الوثائق المتعلقة بهويات الموظفين | تتلف | ٤ سنوات |
| ٣٨ | الوثائق المتعلقة بالقرطاسية | تتلف | سنتين |
| ٣٩ | وثائق استحداث الوحدات الادارية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤٠ | وثائق طبعات الاصابع للمحكومين | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤١ | وثائق قرارات العفو العام | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤٢ | وثائق رأي خبراء الادلة الجنائية | تتلف | ١٥ سنة |
| ٤٣ | المبرزات الجرمية وسجلاتها | تتلف | ١٥ سنة |
| ٤٤ | استمارات طبعات الاصابع (عدم المحكومية) | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤٥ | اوليات بطاقات السكن | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤٦ | الوثائق المتعلقة بجرائم الأداب والجرائم الواقعة على الأشخاص والأموال | تتلف | ١٢ سنة |
| ٤٧ | وثائق حماية المنشآت والأهداف الحيوية | تتلف | ١٥ سنة |
| ٤٨ | وثائق الحوادث الجنائية ذات الطابع السياسي | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤٩ | وثائق الإنفجارات ومعالجة القنابل والتعامل مع الأسلحة | تتلف | ١٥ سنة |
| ٥٠ | مصادرة وحجز الأموال | لا تتلف | لا تتلف |
| ٥١ | المختارين والعشائر | لا تتلف | لا تتلف |
| ٥٢ | وثائق النوادي والجمعيات والنقابات والأحزاب | لا تتلف | لا تتلف |
| ٥٣ | تأييد السكن ونقل البطاقة التموينية ونقل الأثاث | تتلف | ٧ سنوات |
| ٥٤ | وثائق الأراضي الزراعية والمنشآت النفطية والتجاوز على المحرمات النفطية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٥٥ | مواقف الشاحنات الداخلة والخارجة من الاقليم | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٥٦ | التهريب والحوادث الحدودية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٥٧ | فتح المراكز الكمركية وإلغائها | تتلف | ١٥ سنة |
| ٥٨ | وثائق متابعة تشييد الملاجيء | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٥٩ | الأجهزة اللاسلكية ومنظومات الإنذار | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٦٠ | وثائق مشاريع المايكرويف والمكننة الإدارية | تتلف | ١٠ سنوات |
| | **الوثائق المتعلقة بالشؤون الجنسية والاحوال المدنية** | | |
| ١ | النسخ الأولى والثانية من أضابير شهادات الجنسية العراقية والتجنس | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢ | أضابير تقرير موقف الجنسية المحفوظة في مديرية الجنسية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣ | القرارات الإدارية بالتصحيح والحذف والإضافة من الجنسية العراقية | تتلف | ١٢ سنة |
| ٤ | الوثائق المتعلقة بالتسجيل المجدد الخاصة بالأحوال المدنية | تتلف | ٩ سنوات |
| ٥ | الوثائق المتعلقة بترحيل القيود من سجلات الأجانب إلى السجل المدني بعد إكتساب أصحابها الجنسية العراقية أو المتعلقة بتسجيلهم مجدداً. | تتلف | ١٢ سنة |
| ٦ | قرارات التصحيح القضائية والعسكرية ومخابراتها. | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٧ | وثائق ترقين القيود والتسجيل المكرر بعد الإنتهاء من الإجراءات المتخذة بشأنها. | تتلف | ٩ سنوات |
| ٨ | إستمارات التعداد العام والتسجيل الفرعي بعد الإنتهاء من الإجراءات المتخذة بشأنها | تتلف | ١٥ سنة |
| ٩ | وثائق تجهيز البطاقات الشخصية | تتلف | ٤ سنوات |
| ١٠ | الوثائق المتعلقة بترحيل القيود للهجرة والزواج والتوحيد مع الأسرة | لا تتلف | لا تتلف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | الوثائق المتعلقة بترحيل القيود الخاصة بالجاليات العراقية بالخارج | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٢ | الوثائق المتعلقة بإسقاط الجنسية الخاصة بالأحوال المدنية بعد الإنتهاء من الإجراءات المتخذة بشأنها. | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٣ | أضابير تدقيق السجل المدني بعد الإنتهاء من الإجراءات المتخذة بشأنها | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٤ | النسخة الأولى من السجلات المدنية بعد تسليمها النسخة الثانية المستنسخ عنها وإعتبارها نسخة أولى | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٥ | أجزاء السجل المدني التالفة والصحائف الممزقة عنها بعد الإنتهاء من إعادة طبعها أو إستنساخها بسجلات أو صحائف جديدة. | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٦ | إستمارات طلب البطاقات الشخصية ومخابراتها | تتلف | ٣ سنوات |
| ١٧ | صور القيود المطلوبة من الدوائر المختلفة للتسجيلات القدية للسنوات ١٩٣٤ و١٩٤٧ ومخابراتها. | تتلف | ٣ سنوات |
| ١٨ | صور قيود الأجانب المطلوبة في الدوائر للسنوات ١٩٤٧ و١٩٥٧ ومخابراتها. | تتلف | ١٥ سنة |
| ١٩ | صور قيود ١٩٥٧ المطلوبة من الدوائر وذوي العلاقة ومخابراتها. | تتلف | ٣ سنوات |
| ٢٠ | الطلبات ذات العلاقات بهوية الأحوال المدنية | تتلف | سنة واحدة |
| ٢١ | الوثائق الخاصة بتصديق صور البطاقات الشخصية | تتلف | سنة واحدة |
| ٢٢ | البطاقات الشخصية المبدلة والملغاة ومخابراتها | تتلف | سنة واحدة |
| ٢٣ | الوثائق الخاصة بتدقيق إستمارات التعداد العام والتسجيل الفرعي | تتلف | سنة واحدة |
| ٢٤ | وثائق دعاوى الأحوال المدنية الشهرية ومخابراتها بعد الإنتهاء من تدقيقها | تتلف | سنة واحدة |
| ٢٥ | الوثائق المتعلقة بحقوق الجنسية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢٦ | سجلات دليل الجنسية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢٧ | سجلات تحقيق الجنسية (٣١) | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢٨ | سجلات إصدار شهادة الجنسية العراقية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢٩ | سجلات العمومي للمخابرات الرسمية في مديرية الجنسية | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٠ | السجل المدني والسجلات الملحقة والأجزاء المستنسخة عنه في مديرية الأحوال المدنية وسجل الجاليات العراقية وسجل الأجانب | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣١ | السجلات والأضابير الخاصة بالأشخاص المسقطة عنهم الجنسية العراقية وسجلات أسماء الأشخاص المتجنسين بها | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٢ | السجلات الخاصة باللقطاء ومجهولي النسب | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٣ | السجلات الخاصة بقرارات التسجيل المجدد | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٤ | السجلات الخاصة بالقرارات الإدارية في مديرية الجنسية والأحوال المدنية. | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٥ | سجلات النفوس للتسجيل العام للسنوات 27و٣٤ و١٩٤٧ | لا تتلف | لا تتلف |
| ٣٦ | سجلات الوقوعات لتسجيل عام ١٩٥٧ | لا تتلف | لا تتلف |
| | **وثائق المرور** | | |
| ١ | وثائق وسجلات فهرس إجازات السوق وتسجيل المركبات وأوامر القبض | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢ | وثائق الحجز على الأشخاص والمركبات المنتهية والمغلوقة | تتلف | ٧ سنوات |
| ٣ | الوثائق الخاصة بالمركبات ومنشرات الترسيم | لا تتلف | لا تتلف |
| ٤ | وثائق التحري على المركبات والدراجات وأوامر إلقاء القبض عليها والأشخاص | تتلف | ٤ سنوات |
| ٥ | وثائق دعاوى السيارات والتضمين من تاريخ إنتهاء الدعوى أو صدور قرار التضمين | تتلف | ٤ سنوات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | طلبات فقدان إجازات السوق وإجازة التسجيل | تتلف | ٤ سنوات |
| ٧ | وثائق عائدية المركبات والدراجات من المحاكم والدوائر الأخرى | تتلف | |
| | **كلية ومعهد الشرطة و الدورات** | | |
| ١ | سجلات درجات الطلاب | لا تتلف | لا تتلف |
| ٢ | وثائق محاضر الرمي السنوي ومحاضر العتاد | تتلف | ٧ سنين |
| ٣ | سجل المركز اليومي | تتلف | ٦ سنين |
| ٤ | الدورات والأسئلة الإمتحانية والنتائج | تتلف | ٤ سنوات |
| ٥ | الرسائل العابرة | تتلف | ٤ اشهر |
| | **الوثائق الفنية** | | |
| ١ | عقود المقاولات والخدمات الإستشارية بعد الإستلام الخرائط والتصاميم | تتلف | ١٢ سنة |
| ٢ | التعهدات والمناقصات والمزايدات | تتلف | ١٥ سنة |
| ٣ | سجلات الإحصاء وتقارير الإنجازات | تتلف | ١٥ سنة |
| ٤ | الهياكل التنظيمية وخطط العمل السنوية | تتلف | ١٢ سنة |
| ٥ | إدخال المقاولين والشركات في القائمة السوداء ورفع الحضر عنهم | تتلف | ٦ سنة |
| ٦ | تقارير متابعة المشاريع | تتلف | ٤ سنوات |
| ٧ | الدراسات والبحوث | لا تتلف | لا تتلف |
| ٨ | إستمرات متابعة المنهاج الإستثماري | تتلف | ٦ سنوات |
| ٩ | العروض المقدمة من الشركات والمؤسسات دون توجيه طلب بذلك | تتلف | ٣ سنوات |
| ١٠ | العروض الفاشلة | تتلف | سنتين |
| ١١ | الوثائق والتصاميم الخاصة بالحدود الإدارية | لا تتلف | لا تتلف |
| ١٢ | صرفيات الطاقة والمحروقات | تتلف | ٤ سنوات |
| ١٣ | الوثائق المتعلقة بالمشاريع | تتلف | ٦ سنوات |
| ١٤ | وثائق حملة الإستزراع والحصاد والتسويق | تتلف | ٦ سنوات |
| ١٥ | فرز وتخصيص وتوزيع الأراضي | تتلف | ٣٠ سنة |
| ١٦ | الوثائق الخاصة بالجوامع والعلاوي والساحات والكراجات ومدن الألعاب والمجازر | تتلف | ٢٠ سنة |
| ١٧ | الإنشاءات والتبليط والترميم | تتلف | ٢٠ سنة |
| ١٨ | إجازات البناء | تتلف | ٢٠ سنة |
| ١٩ | الآليات والأدوات الإحتياطية | تتلف | ٢٠ سنة |
| ٢٠ | الوثائق المتعلقة بالمعامل | تتلف | ٢٠ سنة |
| | **الوثائق المالية** | | |
| ١ | وصولات الجباية محاسبة ٣٨ وما في حكمها في الدوائر الاخرى. | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٢ | وصولات القبض محاسبة /٣٧أ وما في حكمها في الدوائر الاخرى. | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٣ | مذكرات اذن القبض محاسبة /٣٤ وما في حكمها في الدوائر الاخرى. | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٤ | مذكرات اذن القبض محاسبة /٣٥،٣٥أ وما في حكمها في الدوائر الاخرى. | تتلف | ١٥ سنة |
| ٥ | قسائم الشيكات | تتلف | ١٥ سنة |
| ٦ | اشعارات البنك / الدائنة والمدينة | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٧ | بطاقات العيادات الخارجية محاسبة /٦٤ | تتلف | سنة واحدة |
| ٨ | وصولات جباية رسوم وسائط النقل /محاسبة ٦٧ | تتلف | ١٠ سنوات |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | النسخ الاول من مذكرات اذن الدفع و مستنداتها الفرعية المعززة للصرف وما في حكمها في الدوائر الاخرى. | تتلف | ١٥ سنة |
| ١٠ | قوائم الرواتب | تتلف | ١٠ سنوات |
| ١١ | الشيكات الزرقاء | تتلف | ١٥ سنة |
| ١٢ | النسخ الاولى من مذكرات اذن التسوية والمستندات المرفقة بها . | تتلف | ١٥ سنة |
| ١٣ | النسخ الثانية من مذكرات اذن الدفع | تتلف | ١٠ سنوات |
| ١٤ | سفالات الشيكات | تتلف | ٣ سنوات |
| ١٥ | جداول محاسبة X ٢٤ بأنواعها | تتلف | ٥ سنوات |
| ١٦ | استمارة تحليل السلف /٧٨ | تتلف | ٣ سنوات |
| ١٧ | مستندات الادخال المخزني /٧٠ بعدالانتهاء من التدقيق واجراء المطابقة بعد الجرد | تتلف | ٥ سنوات |
| ١٨ | مستندات الادخال المخزني /٧١ بعدالانتهاء من التدقيق واجراء المطابقة بعد الجرد | تتلف | ٥ سنوات |
| ١٩ | شهادة الاعفاء منسلف الزواج /٨٠ | تتلف | ٣ سنوات |
| ٢٠ | الحسابات الشهرية مع الجداول (ميزان المراجعة) | تتلف | ٥ سنوات |
| ٢١ | شهادة تجهيز طوابع رسوم السفر محاسبة ١٦/أ | تتلف | ٥ سنوات |
| ٢٢ | سجل يومية الصندوق محاسبة / ٦٦ | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٢٣ | سجل اليومية العامة للمقبوضات محاسبة /١ خاص | تتلف | ١٥ سنة |
| ٢٤ | سجل اليومية العامة للمدفوعات محاسبة / ١ خاص | تتلف | ١٥ سنة |
| ٢٥ | سجل يومية رسوم وسائط النقل محاسبة /٦٧ | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٢٦ | سجل طوابع المالية محاسبة /٥/٥أ | تتلف | ١٥ سنة |
| ٢٧ | سجل الرواتب محاسبة /٨ ومافي حكمها | تتلف | ١٥ سنة |
| ٢٨ | سجل تأديات التقاعدية محاسبة /٩أ والبطاقات | تتلف | ١٥ سنة |
| ٢٩ | سجل مراقبة الاستمارات محاسبة /١٦ | تتلف | ١٥ سنة |
| ٣٠ | سجل التحصيصات محاسبة /٢ | تتلف | ٥ سنوات |
| ٣١ | سجل معاملات الخزائن محاسبة /٤،٤أ | تتلف | ١٥ سنة |
| ٣٢ | سجل الايرادات النهائية محاسبة /٦ | تتلف | ٥ سنوات |
| ٣٣ | سجل السلفة المستديمة محاسبة /١٠أ | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٣٤ | سجل الطوابع البريدية محاسبة /١٢ على ان يتم تدقيقه من قبل الجهة المختصة | تتلف | ٥ سنوات |
| ٣٥ | سجل مراقبة الحساب الجاري للاستقطاعات من الراتب محاسبة /٦٩ | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٣٦ | سجلات الرقابة في الخزائن | تتلف | ١٠ سنوات |
| ٣٧ | سجل الاثاث والموجودات الثابتة محاسبة ١٣ | لايتلف | لايتلف |
| ٣٨ | سجل مراقبة سلف الزواج/٧٩ | يتلف بعد ثلاثة سنوات على تأريخ تسديد اخر سلفة مسجلة في السجل او تدوير الارصدة الى سجل اخر. | |
| ٣٩ | سجل يومية الصندوق /٨٠ للدوائر التي لها ايرادات خاصة | يتلف | ١٠ سنوات |
| ٤٠ | السجلات (البطاقات) المخزنية | يتلف | ١٠ سنوات |
| ٤١ | سجل التوحيد | لايتلف | لايتلف |

**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١١٧٣ لە ٢٠١٦/٤/٤**

ئاماژە بە ماددەی (٥٠) لە یاسای چاكسازی (النزلاؤ والمودعین) ژمارە (١٠٤) ساڵی (١٩٨١)ی هەمواركراو وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٤٦) لە سیستەمی فەرمانگەی چاكسازی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٨) ئەم رێنماییەمان دەركرد:

**رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٦**

**تایبەت بە پلە و جل و بەرگ و هێماكانی كارمەندانی هێزی جێ بەجێ كردن سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاكسازی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان**

**ماددەی (١):**

هێزی جێبەجێ كردن لە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاكسازی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان پێك دێت لە بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەری چاكسازیەكان و مەئمور و یاریدەدەرەكانیان وچاودێر و پاسەوانی چاكسازی.

**ماددەی (٢):**

دەبێ پلە و وهێماكان و پۆشاكی كارمەندانی هێزی جێبەجێ كردن لە لایەنە پەیوەندیدارەكان باوەرپێكراو بێت لە كاتی دەوام وئەركی فەرمی دا.

**ماددەی (٣):**

رێككاری سەربازی لەسەر كارمەندانی هێزی جێبەجێ كردن ، جێبەجێ دەكرێت وە لەسەریانە گوێ رایەڵی سەرووی خۆیان بن هەروەك هێزەكانی سوپا و ئاسایشی ناوەخۆ لە كاتی دەوام و ئەركی فەرمیدا .

**ماددەی (٤):**

پێویستە لەسەر كارمەندانی هێزی جێبەجێ كردن پابەند بن بە رێك پۆشی بەو جل و بەرگانەی كە دەستنیشان كراوە بۆیان بە شێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ پێگەی كاركردنیان لە كاتی ئەرك و دەوامی فەرمیدا .

**ماددەی (٥):**

أ - پێدانی پلەی هێزی جێبەجێ كردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت كە لە خشتەی ژمارە (١) دا هاتووە:-

١- بەرێوەبەری گشتی چاكسازی كۆمەڵایەتی پلەی (لیوای چاكسازی) پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری .

٢- یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی پلەی (عەمیدی چاكسازی) پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری .

٣- بەرێوەبەرەكانی چاكسازی پلەی (موقەدەمی چاكسازی) یان پێدەدرێت بە فەرمانی وەزاری .

٤- پلەی پاسەوانی چاكسازی بە فەرمانی كارگێری دەبەخشرێت بەم شێوەی خوارەوە:

أ- پلەی پاسەوانی چاكسازی پێنجەم دەدرێت بە كارمەندی پلە دە .

ب- پلەی پاسەوانی چاكسازی چوارەم دەدرێت بە كارمەندی پلە نۆ .

ج- پلەی پاسەوانی چاكسازی سێیەم دەدرێت بە كارمەندی پلە هەشت .

د- پلەی (مولازمی چاكسازی) دەدرێت بە كارمەندی پلە حەوت و هاوتاكانیان لە هێزی جێبەجیكردن .

هـ - پلەی (مولازمی یەکەمی چاکسازی) دەدرێت بە کارمەندانی پلە شەش و هاوتاکانیان لە هێزی جێبەجیکردن .

و- پلەی (نەقیبی چاکسازی) دەدرێت بە کارمەندانی پلە پێنج وهاوتاکانیان لە هێزی جێ بەجێ کردن .

ز- پلەی (رائیدی چاکسازی) دەدرێت بە مەئموری بەشی پێشکەوتوو وهاوتاکانیان لە هێزی جێبەجێ کردن.

ح- پلەی (موقەدەمی چاکسازی) دەدرێت بە سەرۆکی مەئمورەکان وهاوتاکانیان لە هێزی جێبەجێ کردن .

ب - کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن جگە لەو مەرجە گشتیانەی کە لە دەقەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی هاتووە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بێت بۆ دامەزراندن :

١- پێویستە تەمەنی لە ٢٢ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ٣٥ ساڵ زیاتر نەبێت.

٢- پێشینەی تاوانی ئابڕووبەری نەبێت.

٣- بەشداری لە خولێك بکات کە ماوەکەی لە (دوو مانگ) کەمتر نەبێت.

٤- بەڵێننامەی یاسایی هەبێت کە ماوەی (٥) ساڵ داوای ( گۆڕینی ناونیشان و گواستنەوەی ڕاژە بۆ مەدەنی و دەرەوەی چاکسازی ) نەکات.

٥- پێویستە کەفالەی نەختینەیی بە بڕی ( ٥,٠٠٠,٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار پێشکەش بکات لە بری ئەو کەل و پەلانەی پاش دامەزراندن وەری دەگرێت وە دەکرێت زیادبکرێت لەکاتی پێدانی کەل وپەلی زیاتر .

٦- پێویستە لە چاوپێکەوتنی لیژنەی تایبەتمەند دەربچێت.

٧- پێویستە مەرجەکانی باڵا و جەستە و تەندروستی تێدا بێت.

٨- پێویستە ئامادەیی تێدا بێت بە پابەندبوونی بە جێبەجێ کردنی هەموو یاسا و ڕێنماییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کاتی دەوامی فەرمی.

**ماددەی ( ٦ ):**

ناونیشان و بڕوانامەی کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت کە لە خشتەی ژمارە (١) هاتووە:

١- مەئموری چاکسازی: هەڵگرانی بڕوانامەی ( بەکالۆریۆس لە زانستە مرۆڤایەتیەکان + دبلۆم لە کاتی پێویست و نەبوونی بەکالۆریۆس ) بەم ناونیشانە دادەمەزرێن بەو پلە و مووچەیەی کە هەڵگرانی ئەم بڕوانامانە پێی دادەمەزرێن، پلە بەرزکردنەوەشی بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەم شێوەیە دەبێت:

أ- مەئموری چاکسازی/٣:

- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس: لە پلەی (٧) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.

- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم: لە پلەی (٨) دەبێت و پێویستە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی (١) ساڵی فیعلی و دەرچووی پەیمانگای دوو ساڵی پاش ئامادەیی (٢) ساڵی فیعلی و دەرچووی پەیمانگا کە ماوەی خوێندنی پێنج ساڵە دوای سێی ناوەندی (٤)ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لەو پلەیەپاشان (٤)ساڵی فیعلی بمێننەوە لە پلە(٧)

ب- مەئموری چاکسازی/٢: لە پلەی (٦) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.

ج- مەئموری چاکسازی/١: لە پلەی (٥) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.

د- مەئموری پێشکەوتوو: لە پلەی (٤) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ە- سەرۆکی مەئمورەکان: لە پلەی (٣) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی دواتر تەنها بە پلە و مووچە دەچێتە پلە (٢) بە بێ گۆڕینی ناونیشانەکەی.
٢- چاودێری چاکسازی: هەڵگرانی بڕوانامەی ( ئامادەیی و هاوتاکانی بەرەو سەرەوە ) بەم ناونیشانە دادەمەزرێن بەو پلە و مووچەیەی کە هەڵگرانی ئەم بڕوانامانە پێی دادەمەزرێن، پلە بەرزکردنەوەشی بەم شێوەیە دەبێت:
أ- چاودێری چاکسازی/٤: لە پلەی (٨) دەبێت و پێویستە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی (١) ساڵی فیعلی و دەرچووی پەیمانگای دوو ساڵی پاش ئامادەیی (٢) ساڵی فیعلی و دەرچووی پەیمانگا کە ماوەی خوێندنی پێنج ساڵە دوای سێی ناوەندی و هەروەها دەرچووی ئامادەیی (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ب- چاودێری چاکسازی/٣: لە پلەی (٧) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ج- چاودێری چاکسازی/٢: لە پلەی (٦) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
د- چاودێری چاکسازی/١: لە پلەی (٥) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ە- چاودێری چاکسازی پێشکەوتوو: لە پلەی (٤) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
و- سەرۆکی چاودێرانی چاکسازی: لە پلەی (٣) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی دواتر تەنها بە پلە و مووچە دەچێتە پلە (٢) بە بێ گۆڕینی ناونیشانەکەی.
٣- پاسەوانی چاکسازی: هەڵگرانی بڕوانامەی ( سەرەتایی + ناوەندی و هاوتاکانی بەرەو سەرەوە ) بەم ناونیشانە دادەمەزرێن بەو پلە ومووچەیەی کە هەڵگرانی ئەم بڕوانامانە پێی دادەمەزرێن، پلە بەرزکردنەوەشی بەم شێوەیە دەبێت:
أ- پاسەوانی چاکسازی/٥ : لە پلەی (١٠) دەبێت و پێویستە (٢) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ب- پاسەوانی چاکسازی/٤: لە پلەی (٩) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ج- پاسەوانی چاکسازی/٣: لە پلەی (٨) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
د- پاسەوانی چاکسازی/٢: لە پلەی (٧) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ە- پاسەوانی چاکسازی/١: لە پلەی (٦) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
و- پاسەوانی چاکسازی پێشکەوتوو: لە پلەی (٥) دەبێت و پێویستە (٥) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ز- ی.س.پاسەوانانی چاکسازی: لە پلەی (٤) دەبێت و پێویستە (٤) ساڵی فیعلی بمێنێتەوە لە پلەکەی.
ح- س.پاسەوانانی چاکسازی: لە پلەی (٣) دەبێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

وەزیر دەتوانێت هەر پلەیەك بدات بە کارمەندانی چاکسازی یان سەرپەرشتیارەکانیان وەك خەڵاتکردن لەبەر ئەرك و ماندوبوونیان و هەوڵدانیان لە پێناوی گەشەپێدانی کاری چاکسازی .

**ماددەی ( ٨ ):**

**گۆڕینی ناونیشانی کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن بۆ ناونیشانی بەرزتر و بەرزکردنەوەی ڕوتبەکەی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە جێ:**

**١- پێویستە لەلایەن لیژنەی تایبەتمەند بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.**

**٢- بۆ گۆڕینی ناونیشانی ( پاسەوانی چاکسازی بۆ چاودێری چاکسازی ) وە ( چاودێری چاکسازی بۆ مەئموری چاکسازی ) پێویستە کەسی پاڵێوراو بەشداری خولێك بکات کە لە (٣٠) ڕۆژ کەمتر نەبێت.**

**٣- گۆڕینی ناونیشانی فەرمانبەرانی هێزی جێبەجێ کردن و بەرزکردنەوەی ڕوتبەکەیان مەرج نیە لەگەڵ گۆڕینی مووچە و پلەکەی بێت، واتە ئەگەر پلە و مووچە بە هۆی ئەژمارکردنی خزمەت یاخود هەمووارکردنی مووچە و بڕوانامە یان هەر هۆکارێکی تر گۆڕانکاری بەسەر بێت ناونیشانەکەی بە پێی ئەو سالانە بەرز دەکرێتەوە کە لە ( ماددەی شەشەم ) ئاماژەی بۆ کرابوو.**

**٤- لە کاتی گۆڕینی ناونیشان پێویستە ناونیشانی نوێ لە ناونیشانی بچووکەوە دەست پێ بکات نەوەکو بەپێی پلەکەی**

**٥- پێویستە میلاکی بەتاڵ هەبێت بۆ ناونیشانە نوێیەکە.**

**٦- گۆڕینی ناونیشان و بەرزکردنەوەی ڕوتبەی کارمەندانی هێزی جێبەجێ کردن پێویستە سالانە لە مێژوویەکی دیاریکراو بێت ئەویش ( ٢١ ) مانگی ئازاری هەموو ساڵێك، وە لە دەرەوەی ئەم مێژووە ئەم کارە ناکرێت لەبەر هەر هۆیەك بێت.**

**ماددەی ( ٩ ):**

**بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەتوانێت پلەی پاسەوان و مەئمورەکان وچاودێرانی چاکسازی دابگرێت لەکاتی پابەند نەبوونیان بە ئەرکی فەرمی خۆیان یان سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان ، بە پێی ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە .**

**ماددەی ( ١٠ ):**

**بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی هەڵدەستێت بە دابینکردنی پۆشاکی هاوینە لە سەرەتای مانگی نیسان وپۆشاکی زستانە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم هەموو ساڵێك بۆ سەرجەم کارمەندانی چاکسازی پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی بەپێی خشتەکانی هاوپێچ ژمارە (٢) و (٣) .**

**ماددەی ( ١١ ):**

**بەڕێوەبەری چاکسازی دەتوانێت هەر کارمەندێکی هێزی جێ بەجێ کردن ڕاسپێری بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێك لە هەر بەشێکی چاکسازی .**

**ماددەی ( ١٢ ):**

**گشت ڕێنماییەکانی پێشووی پەیوەند هەڵدەوەشێت و کاری پێناکرێت جگە لەو ڕێنماییە .**

**ماددەی ( ١٣ ):**

**ئەو ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .**

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

## خشتەی ژمارە (١)ی لە ڕێنمایی ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦

| ژ | پۆست | پلە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٢ | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی | |
| ٣ | بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی | |
| ٤ | سەرۆکی چاودێرانی چاکسازی – سەرۆکی مەئمورەکان | دووەم |
| ٥ | سەرۆکی پاسەوانانی چاکسازی – سەرۆکی چاودێرانی چاکسازی – سەرۆکی مەئمورەکان | سێیەم |
| ٦ | یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانانی چاکسازی – چاودێری چاکسازی پێشکەوتوو – مەئموری پێشکەوتوو | چوارەم |
| ٧ | پاسەوانی چاکسازی پێشکەوتوو _ چاودێری چاکسازی یەکەم _ مەئموری یەکەم | پێنجەم |
| ٨ | پاسەوانی چاکسازی یەکەم _چاودێری چاکسازی دووەم _ مەئموری دووەم | شەشەم |
| ٩ | پاسەوانی چاکسازی دووەم _ چاودێری چاکسازی سێیەم _ مەئموری سێیەم | حەوتەم |
| ١٠ | پاسەوانی چاکسازی سێیەم _ چاودێری چاکسازی چوارەم | هەشتەم |
| ١١ | پاسەوانی چاکسازی چوارەم | نۆیەم |
| ١٢ | پاسەوانی چاکسازی پێنجەم | دەیەم |

## خشتەی ژمارە ( ٢ ) لە ڕێنمایی (١) ساڵی ٢٠١٦

### جل و بەرگی زستانە هێزی جێ بەجێکار / ژنان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی ڕەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٦ | پاڵتۆی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی ڕاست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٨ | بارانگێر بە ڕەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |

### جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێ بەجێکار / ژنان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | تەنورە یان پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێڵاوی ڕەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | قەیتانی سەر شان بە ڕەنگی نیلی و سپی | ١ | ١ |
| ٦ | کاسکێت بە ڕەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی هەرێمی کوردستانی(معدنی) بۆ پێشەوەی کاسکێت | ١ | ٣ |
| ٨ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی ڕاست و چەپ | ٢ | ١ |

## خشتەی ژمارە ( ٣ ) لە ڕێنمایی ( ١ ) ساڵی ٢٠١٦

## جل و بەرگی هاوینەی هێزی جێ بەجێکار / پیاوان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێلاوی ڕەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | قەیتانی سەر شان بە ڕەنگی نیلی و سپی | ١ | ١ |
| ٦ | کاسکێت بە ڕەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی هەرێمی کوردستانی(معدنی) بۆ پێشەوەی کاسکێت | ١ | ٣ |
| ٨ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی ڕاست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٩ | قایشی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ١٠ | هەگبەی فیشەك (جعبە عتاد) بە ڕەنگی نیلی | ٢ | ١ |
| ١١ | بەدلەی کارکردن ڕەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١٢ | کاسکێتی سەر بە ڕەنگی نیلی | ١ | ١ |

## جل و بەرگی زستانەی هێزی جێ بەجێکار / پیاوان

| ژ | جۆری کەل و پەل | ژمارە | ماوەی بەکارهێنانی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | کراسی شین بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٢ | پانتۆڵ نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٣ | پێلاوی ڕەشی کورت | ١ | ١ |
| ٤ | جووتەك گۆرەوی نیلی | ١ | ١ |
| ٥ | چاکێتی نیلی بە کەتافی | ١ | ١ |
| ٦ | قەمصەلە یان پاڵتۆی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٧ | ئارمی وەزارەتی کار بۆ سەر قۆلی ڕاست و چەپ | ٢ | ١ |
| ٨ | مشمع مگری بەڕەنگی نیلی تۆخ | ١ | ١ |
| ٩ | بەدلەی کارکردن ڕەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١٠ | نیتاق بە ڕەنگی خاکی | ١ | ١ |
| ١١ | کاسکێتی سەر بە ڕەنگی نیلی | ١ | ١ |

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٤٧٧ لە ٢٠١٦/٢/١٧**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣)ی برگەی (١) لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ وبڕگە (١) لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان بە نووسراومان ژمارە (٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٨/٢١ کە لە ژمارە (١٦١ لە ٢٠١٣/٤/٣٠) بلاو بۆتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان و ئاماژە بەهەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە بەنوسراومان ژمارە (١٤٩٢٣) لە ٢٠١٣/٧/٧ کە لە ژمارە (١٦٨ لە ٢٠١٣/٨/٦) بلاو بۆتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم هەموارە:-**

## بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٦
## هەمواری دووەمی ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان

**١-**

**أ- هەموارکردنی برگە /٧ لە سێ یەم لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :**

**سێیەم:**

**٧- ئاستی خوێندەواری ( نوسین خوێندنەوە ) ( یقرأ ویکتب ) بێت لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری موختار.**

**ب- هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٥) سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوە.**

**٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بلاوبونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری پێ دەکرێت .**

**کــریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦١٨٢ لە ٢٠١٦/٤/٧**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادە ٣ برگە ١ لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٢ لە ٢٠١٥/١١/٥) بڵاوکراوەتەوە، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:**

## بەیانی ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠١٦

## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٥

## ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان

**یەکەم : هەموارکردنی بڕگە/٤ لە مادە سێیەم لە ڕێنمایی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**
**(ماددەی سێیەم: بڕگە/٤: کۆمپانیاکە دەبێت لەسەر ناوی هاونیشتیمانییەکی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت و دەکرێت لەسەر ناوی کەسی بیانی تۆماربکرێت یان هاوبەشی بیانی هەبێت).**
**دووەم: هەموارکردنی بڕگە/١ لە مادەی چوارەم لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**
**(مادەی چوارەم: بڕگە/١: کۆمپانیای ئەمنی بیانی بۆی هەیە لق لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە بەمەرجێك گشت ڕێککارەکانی ڕێنمایی سەرەوە جێبەجێ بکات).**
**سێیەم: زیادکردنی بڕگەی (٩) لە مادەی شەشەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**
**(مادەی شەشەم: بڕگە/٩: پێویستە لەسەر کۆمپانیا ئەمنییەکان هەر ڕاپۆرتێك هەر (١) مانگ جارێك سەبارەت بە کاروچالاکییەکانیان و هەر ڕاپۆرتێکی ئەمنی کە بڵاوی دەکەنەوە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکەن).**
**چوارەم: ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**کــریم سنجاری**
**وەزیــری نـاوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦١٨٣ لە ٢٠١٦/٤/٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و برگە/١ لە بەشی (٣٤- پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای هاتووچۆ) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ و لەبەر هاتنە ئارای دیاردەی هاوەردەکردن و فرۆشتن و بەستانی ئامێری تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی دانانی کامیراکانی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبیل کە ئامانج لە دانانی لەسەر شەقامەکان هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

**بەیانی ژمارە ( ٦ ) ساڵی ٢٠١٦**

**قەدەغەکردنی هاوردەکردن و فرۆشتنی و بەستانی ئامێرەکانی تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی کامیراکانی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبیل**

**یەکەم :**

١- قەدەغەکردنی هاوەردەکردن و فرۆشتن و بەستانی گشت جۆرە ئامێراکانی تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی کامێراکانی چاودێری خێرایی هاتووچۆ.

٢- هەر شوفێرێك ئەم جۆرە ئامێرانە لە ئۆتۆمبیلەکەی ببەستێت سزا دەدرێت بە بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.

٣- هەر شوێنێکی کڕین و فرۆشتن و دانانی ئەم جۆرە ئامێرانە ئەنجام بدات لەلایەن پۆلیسەوە رێککاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت و رەوانەی دادگا دەکرێت.

٤- بڕی پێبژاردنەکانی هاتوو لە بڕگەی (٢) بە داهاتی کۆتایی دادەندرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ.

**دووەم:**

پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی گشتی و هاتووچۆی گشتی ئاگاداری شوێنەکانی فرۆشتن و هاوردەکردنی ئەم ئامێرانە بکاتەوە کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بەم جۆرە ئامێرانە نەکەن و بەڵێننامەیان لێ وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

**سێیەم:**

خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش و بازگەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و خاڵەکانی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی ئامادە و خاڵە پشکنینە کاتییەکان و خاڵە سنوورییەکان ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن .

**چوارەم:**

ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کـریم سنجاری**

**وەزیـری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦١٨٤ لە ٢٠١٦/٤/٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣ برگە ١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای بەیانمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٤ لە ٢٠١٦/١/٣١) بڵاوکراوەتەوە، بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:-

**بەیانی ژمارە ( ٧ ) ساڵی ٢٠١٦**

**هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦**

**نەهێشتنی دیاردەی جام رەشی ئۆتۆمبیل و سەرپێچییەکانی تابلۆی ئۆتۆمبیل**

**یەکەم:** هەموارکردنی بڕگەی یەکەم – خاڵەکانی (١، ٢، ٥) و زیاد کردنی خاڵی (٧) لە بەیانی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(یەکەم):-

١- دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە جام رەش کراون بەبێ رەچاوکردنی یاساو رێنماییەکان.

٢- دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هەڵگری تابلۆی ساختەن یان ئەوانەی دەستکاری ژمارەی تابلۆکانیان کردووە.

٥- دەستبەسەرداگرتنی گشت ئەو ئۆتۆمبیل و ماتۆرسکیلانەی کە بێ تابلۆن.

٧- سەپاندنی سزای سەرپێچییەکانی هاتووچۆ بڕگەکانی (١، ٢، ٥، ٦) لەبەیانی ئاماژەپێکراو بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە ٧٩ لە ٢٠١٦/٢/٣ . ).

**دووەم:** هەموارکردنی بڕگەی چوارەمی بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم) :-

لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و هاوشێوەکانیان ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن ).

**سێیەم:** هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (پێنجەم) لە بەیانی سەرەوە.

**چوارەم:** ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وقائعی کوردستان.

**کـریم سنجاری**

**وەزیـری نـاوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٧٠٢٣ لە ٢٠١٦/٤/٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ وئاماژە بەرێنمایی وەزارەتمان رێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٣٤٩٧) لە ٢٠١٦/٤/٣ لەبەر هەبوونی گشت مەرجەکانی رێنمایی سەرەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بەدەرکردنی :-

## بەیانی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١٦
## فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی سەرسیان

- فراوان کردن و گواستنەوە و پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی ( سەرسیان) سەر بەناحیەی بنگرد و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەرووبەری (٣٠) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی ٢٨/سەرسیان کە زەویەکی بەردەڵانیە وەك لە نەخشەیهاوپێچی نووسراوی سەرەوەی پارێزگای سلێمانی هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**کـریم سنجاری**
**وەزیـری نـاوخۆ**

**وەزارەتی داد**

## بەیانی تایبەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێكردنی فەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقكردنی پەیكەری ڕێكخستنی وەزارەتەكان، بڕیارماندا بە:-

١- بچووككردنەوەی پەیكەری ڕێكخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد بە ڕێژەی ٣٥٪.

٢- ئامادەكردن و پەسەندكردنی پەیكەری ڕێكخستنی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد بەو شێوەیەی كە لە خوارەوە خراوەتەڕوو.

٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی فەرمان و بەیانی دەرچووی تایبەت بە پەیكەری ڕێكخستنی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد.

٤- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێكەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ جێبەجێ دەكرێت.

### پەیكەری ڕێكخستنی نوێی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد

**یەكەم: بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی وەزیر/** پێكدێت لە:- هۆبەی (وەرگێران).

**دووەم: بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی/** پێكدێت لە:-

بەشی (داواكان و بەدواداچوونی یاسایی) بەشی (گرێبەستەكان) هۆبەی (ئەملاك).

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری/** پێكدێت لە:- بەشی (بوودجە) هۆبەی (ژمێریاری پرۆژە).

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی/** پێكدێت لە:-

بەشی (میلاكاتی فەرمانبەران) بەشی (خۆیەتی ئەندامانی داواكاری گشتی) هۆبەی (كاروباری ڕاژە).

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی كارگێری** پێكدیت لە:-

بەشی (كۆگا) بەشی (هونەری) بەشی (خزمەتگوزاری) هۆبەی (هاتوو و دەرچوو).

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدان/** پێكدێت لە:- هۆبەی (ڕاهێنان) هۆبەی (ئامار و پلان).

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان)/** پێكدێت لە:-

هۆبەی (دیزاین) هۆبەی (ووردبینی یاسایی) هۆبەی (ئەرشیف و پەرتوكخانە).

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی ڕاستاندن و پەیوەندییە دادییەكان/** پێكدێت لە:- هۆبەی (بەڵگەنامەكان).

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی ئای تی(IT)/** پێكدێت لە:- بەشی (سایت و بنكەی یاسادانان) بەشی (ناسنامە).

**یازدەیەم: بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.**

**دوازدەیەم:** بەشی (ئەندازیاری).

**سێزدەیەم:** بەشی (ڕاگەیاندن).

**سنان چلبی**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

## پاشکۆی بەیانی تایبەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی هۆبەی داهات و هۆبەی خەرجی سەر بە بەشی بوودجە لە بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد.

٢- گۆرینی هۆبەی ژمێریاری پرۆژە بۆ بەشی ژمێریاری پرۆژە لە بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد.

٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/٣جێبەجێ دەکرێت.

---

## بەیانی تایبەت (٢)ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتەکان، بڕیارماندا بە:-

١- بچووککردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی شورای هەرێم.

٢- ئامادەکردن و پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی نوێی ئەنجومەنی شورا بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە خراوەتەڕوو.

٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی فەرمان و بەیانی دەرچووی تایبەت بە پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی شورا.

٤- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ جێبەجێ دەکرێت.

### پەیکەری ڕێکخستنی ئە نجومەنی شورای هەرێم

١- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

٢- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی

٣- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، بەشی وردبینی دەگرێتەخۆ

٤- هۆبەی سکرتاریەت و هۆبەی پێداچوونەوە لە دەستەی گشتی

٥- هۆبەی بەرزەفتکردن، لە دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەران

٦- هۆبەی کارگێری و خۆیەتی، بەشی قەڵەمی دادگا لە دادگای کارگێری هەولێر و سلێمانی.

**سـنـان چلبــی**
**وەزیــری داد**

**وەزارەتی داد**

## بەیانی تایبەت (٣)ی ساڵی ٢٠١٦

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتەکان، بڕیارماندا بە:-**

**١- بچووککردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادی.**

**٢- ئامادەکردن و پەسەندکردنی پەیکەری ڕێکخستنی نوێی سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادی بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە خراوەتەڕوو.**

**٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی فەرمان و بەیانی دەرچووی تایبەت بە پەیکەری ڕێکخستنی سەرۆکایەتی ناوبراو.**

**٤- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ جێبەجێ دەکرێت.**

## پەیکەری ڕێکخستنی سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادی

**١- نووسینگەی تایبەت لە دیوانی سەرۆکایەتی.**

**٢- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی، بەشی خۆیەتی دەگرێتەخۆ لە دیوانی سەرۆکایەتی.**

**٣- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و وردبینی، بەشی وردبینی دەگرێتەخۆ لە دیوانی سەرۆکایەتی.**

**٤- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەشی یاسایی دەگرێتەخۆ لە دیوانی سەرۆکایەتی.**

**٥- بەشی کارگێری و خۆیەتی لە فەرمانگەی سەرپەرشتیاریی دادی سلێمانی و دهوك.**

**٦- بەشی ژمێریاری لە فەرمانگەی سەرپەرشتیاریی دادی سلێمانی.**

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

## بەیانی تایبەت (٤)ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتەکان، بریارماندا بە:-

١- بچووککردنەوەی پەیکەری رێکخستنی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی.

٢- ئامادەکردن و پەسەندکردنی پەیکەری رێکخستنی نوێی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە خراوەتەروو.

٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی فەرمان و بەیانی دەرچووی تایبەت بە پەیکەری رێکخستنی سەرۆکایەتی ناوبراو.

٤- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ جێبەجێ دەکرێت.

### پەیکەری رێکخستنی نوێی سەرۆکایەتی داواکاریی گشتی

١- بەرێوەبەرایەتی کارگێری، بەشی کۆگا دەگرێتەخۆ لە دیوانی سەرۆکایەتی.

٢- بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی لە دیوانی سەرۆکایەتی

٣- بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی سەرۆکایەتی

٤- بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی، هۆبەی ئامارو هۆبەی پێداچوونەوە دەگرێتەخۆ لە دیوانی سەرۆکایەتی

٥- هۆبەی وردبینی لە دیوانی سەرۆکایەتی

٦- هۆبەی ژمێریاری و وردبینی لە فەرمانگەکانی داواکاریی گشتی (هەولێر، سلێمانی، دهوك، گەرمیان)

٧- هۆبەی کارگێری و خۆیەتی لە فەرمانگەکانی داواکاریی گشتی (هەولێر، سلێمانی، دهوك، گەرمیان)

٨- هۆبەی بەدواداچوون لە فەرمانگەکانی داواکاریی گشتی (هەولێر، سلێمانی، دهوك، گەرمیان)

## بەیانی تایبەت (٥)ی ساڵی ٢٠١٦

١- بچووککردنەوەی پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری.

٢- ئامادەکردن و پەسەندکردنی پەیکەری رێکخستنی نوێی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە خراوەتەروو.

٣- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی فەرمان و بەیانی دەرچووی تایبەت بە پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو.

٤- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٧ جێبەجێ دەکرێت.

### پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەی دادوەری

١- بەرێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی، بەشی خۆیەتی دەگرێتەخۆ .

٢- بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری.

٣- بەرێوەبەرایەتی ئەکادمی و تۆمار ، هۆبەی IT دەگرێتەخۆ.

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

وەزارەتی داد

## بەیانی تایبەت ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتەکان، بڕیارماندا بە:-

١- بچووککردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٢- هەڵوەشاندنەوەو یەکخستنی هەموو ئەو هۆبەو بەش و بەڕێوەبەرایەتیانەی لە خوارەوە هاتوون.

٣- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/١٢ وە جێبەجێ دەکرێت.

### هەڵوەشاندنەوەی ئەم پێکهاتانەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

١- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی ڕاگەیاندن لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی موچە لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و بەشی ئامار بکرێت بە هۆبەی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی لێوردبوونەوە لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٣- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی (پشکنین ، زێدەگری ، ئامار) لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٤- هەڵوەشاندنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ماوەت لە سنوری پارێزگای سلێمانی

٥- تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی (ڕاپەرین) لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە بەیانی ژمارە ٦ لە ٢٠١٥/٨/٢٣ هەڵوەشاوەتەوە.

٦- تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی (بیارە) لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە بە بەیانی ژمارە ٤ لە ٢٠١٥/٦/٧ هەڵوەشاوەتەوە.

٧- ڕاگرتنی دەست بەکاربونی تێبینەرایەتیەکانی (قوشتەپە، پیرەمەگرون، خورماڵ) لە سنوری پارێزگای هەولێرو سلێمانی.

سـنـان چلبـی
وەزیـری داد

وەزارەتی داد

## بەیانی تایبەت (٧)ی ساڵی ٢٠١٦

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٢٢) لە ٢٠١٦/٢/٢٨ی تایبەت بە تەرشیقکردنی پەیکەری رێکخستنی وەزارەتەکان، بڕیارماندا بە:-

١- بچووککردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان.

٢- هەڵوەشاندنەوەو یەکخستنی هەموو ئەو هۆبەو بەڕێوەبەرایەتیانەی لە خوارەوە هاتوون.

٣- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/١٢ وە جێبەجێ دەکرێت.

### هەڵوەشاندنەوەی ئەم پێکهاتانەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان

١- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی (ڕاگەیاندن ، هونەری ، موچە) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی دادنووسی (دیبەگە،هیران ،قوشتەپە) لە فەرمانگەی دادنوسی یەکەمی هەولێر

٣- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی دادنووسی (قەرەداغ ، کەلار/ ئێواران) لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی سلێمانی

٤- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی دادنووسی (باتیل ، دینارتە ، بجیل ، کەلەك) لە فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی دهوك

٥- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی دادنووسی (ئاشتی ، سێگردکان ، سکتان) لە فەرمانگەی دادنووسی کۆیە.

٦- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی (تەق تەق، هەریر، خەلیفان، ڕواندوز) لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر.

٧- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی (شارباژێر، رزگاری ، قەرەهەنجیر) لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی سلێمانی.

٨- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی (ئامێدی ، سەرسەنگ ، بەردەڕەش) لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی دهوك.

٩- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی ناکامەکانی ئاکرێ

١٠- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی (میلاکات ، هاتوو و دەرچوو ، هۆشداری) لە سەرجەم فەرمانگە دادنووسیەکان.

١١- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی (IT ، پێراگەیاندن) لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن.

١٢- هەڵوەشاندنەوەی هۆبەی (هاتوو و دەرچوو ، کۆگا ، توێژی کۆمەڵایەتی) لە گشت بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی ناکامەکان.

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

**ژمارە: ٩٣١ لە ٢٠١٦/٢/٢٨**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٢٥)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ، ئاماژە بە بەندی (یەکەم و دووەم و سێیەم ) لە ماددەی حەوتەم لە بەشی چوارەمی یاسای سەرەوە (قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان ) ، وە پاڵپشت بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتەکانی( ئاوەدان کردنەوە نیشتەجێ کردن و ناوخۆ و دارایی و ئابووری ) بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

## بەیانی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠١٦
## تایبەت بە ( قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان )

**یەکەم** :دیاری کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت .

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ڕێگای هاتووچۆی خێرا بە | (١٢٠) سەدوو بیست مەتر دیاری دەکرێت |
| ٢ | ڕێگای سەرەکی بە | أ- (١٠٠) سەد مەتر دیاری دەکرێت بۆ ئەو ڕێگایانەی کە جووت سایدن<br>ب- (٧٥) حەفتاوپێنج مەتر دیاری دەکرێت بۆ ئەو ڕێگایانەی کە یەك سایدن |
| ٣ | ڕێگای لاوەکی بە | (٥٠) پەنجا مەتر دیاری دەکرێت |
| ٤ | ڕێگای لادێیەکان وئەوانی تر بە | (٣٠) سی مەتر دیاری دەکرێت |

**دووەم** :- مەبەست لە قەدەغەکراوەکان ، ڕێگا گشییەکان و ئەو زەویە هاوشانانەیە کە لە هەردوو لای ڕاست و چەپ بۆی تەرخان کراوە .

**سێیەم** :- هەژمار کردنی قەدەغەکراوەکان بۆ ئەو ڕێگا سەرەکیانەی جووت سایدن لە چەقی دوورگەی ناوەڕاستەوە دەبێت بۆ هەر لایەك ، وە بۆ ئەو ڕێگا سەرەکیانەی یەك سایدن لە ناوەڕاستی ڕێگاکەوە هەژمار دەکرێت بۆ هەرلایەك . وە لەکاتی زیاد کردن و دروست کردنی هەر ڕێگایەکی تر بۆ ڕێگا یەك سایدەکان واتە (بە جووت سايد کردنی ڕێگا یەك سایدەکان ) بۆ قەدەغەکراوەکان هەمان مامەڵەی ئەوڕێگایانەی لەگەڵ دەکرێ کەیەك سایدن.

**چوارەم** :- قەدەغەکراوەکان بە پێوانەیەك هەژمار دەکرێن کە دووریەکەی لە ناوەڕاستەوە دەکاتە بڕی قەدەغەکراوەکە بۆ هەرلایەکی ڕاست و چەپ .

**پێنجەم** :- جێ بەجێ کردنی قەدەغەکراوەکان بەپێی بڕگەی یەکەم دەبێت وە ئەو ڕێگا گشتییانە دەگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان ، وە ئەو ڕێگایانەی دەکەونە سنووری شارو شارۆچکەکان پابەند دەبن بە نەخشەی بنەرەتی شارەوانیەکان .

**شەشەم :-** ڕێگا نادرێت بە هیچ لایەنێك بە بەکارهێنانی قەدەغەکراوەکان وە ڕەزامەندی دان لە سەر بەکارهینانی قەدەغەکراوەکان بۆ مەبەستێکی دیار کراو وە هەروەها ڕێکخستن و پێدانی مۆڵەت بۆ دانانی هۆکارەکانی ڕێکلام کردن و ڕاگەیاندن و مۆرکردنی گرێبەست لە گەڵ کۆمپانیا پسپۆرەکان بۆ ئەو مەبەستە لە چوارچیوەی ناوەرۆکی هاتوو لە سەرجەم برگە و ماددەکانی ئەم یاسایە لە تایبەتمەندێتی و دەسەلاتی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجی کردن دەبێت .

**حەوتەم :-** قەدەغەکراوەکانی تونێلەکان تەنها چینی سەرەوەی تۆنێلەکان دەگرێتەوە. وە ئەمەش بە گوێرەی ( ئەستووری چینەکەوە ) دەبێت و لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن بەپێی حالەتی تۆنێلەکە بڕیاری لەسەر دەدەرێت . هەروەها ئەوەی کە تایبەتە بە تەنیشتەکانی هەردوولا واتە ( ڕاست و چەپ )ی تونێلەکە بە گوێرەی ڕێنمایی ڕێگا گشتیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**هەشتەم :-** قەدەغەکراوەکانی پردەکان لە هەردوو لایەوە بە دووری (١٥٠٠) مەتر دیاری دەکرێت بە درێژایی ڕووبار کە ناکرێت هیچ کارێکی تێدا ئەنجام بدرێت کە ببێتە هۆی تێك چونی ڕێڕەوی ڕووبارەکە هەروەها بۆ دیاری کردنی دووری کانەکان (مقلع) لە ڕێگا گشتی و پرد و تونێلەکان دەبێت ڕەچاوی یاسای (قانون تنظيم الاستثمار المعدني ) ژمارە (٩١) ساڵی ١٩٩٨ بکرێت .

**نۆیەم :-** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت و دەکەوێتە بواری جێ بە جێکردن .

**دەرباز عبدالله رەسول**
**وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٦**

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) ماددەی حەوتەم برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئاماژە بەنووسراوی وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەریەتی گشتی دیوان ژمارە (١٤١٧١) لە ٢٠١٥/٧/٥بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی (أستحداث)ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە سەر بە میلاکی وەزەراتمان بەمەبەستی زیاتر چەسپاندنی پارێزگاکە
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١٥جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**